# بانگ کردن بۆ ماڵی ئاشتی و ئارامی

[ kurdish – کوردی – كردي ]

موحەمەد شامی ئال شەیبە

وەرگێڕانی: پشتیوان صابر عزیز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# الدعوة إلى دار السلام

« باللغة الكردية »

محمد بن شامي آل شيبة

ترجمة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# بانگ کردن بۆماڵی ئاشتی و ئارامی

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا خەڵك بانگ دەكات بۆ ماڵی ئاشتی و ئارامی (بەهەشت)، وەكو دەفەرموێت: ﴿وَاللَّهُ يَدْعُو إِلَىٰ دَارِ السَّلَامِ وَيَهْدِي مَنْ يَشَاءُ إِلَىٰ صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ﴾[يونس :٢٥ ] .

واتا: وە خوا (خەڵك) بانگ دەكات بۆ ماڵی ئاشتی و ئارامی (بەهەشت) وە ڕێنموونیی هەركەسێ دەكات كە بیەوێ بۆ ڕێگەی ڕاست.(تەفسیری پوختەی قورئان)

وە بانگی بەندەكانی دەكات بۆ ئەوەی لێیان خۆش بێت، وە كو دەفەرموێت: ﴿يَدْعُوكُمْ لِيَغْفِرَ لَكُمْ مِنْ ذُنُوبِكُمْ وَيُؤَخِّرَكُمْ إِلَىٰ أَجَلٍ مُسَمًّى﴾[ابراهيم :١٠ ] .

واتا: بانگتان دەكات بۆ ئەوەی لە گوناهەكانتان خ ۆش بێت و دواتان بخات ب ۆ كاتێكی دیاری كراو.(تەفسیری پوختەی قورئان).

ئـەی بـەنـدەی خـوا:

١- وەڵامـی بـانـگـەکـەی خـوای گـەورە بـدەرەوە وتـەنـها ئـەو بـپـەرسـتـە وشـەریـکـی بـۆ بـریـار مـە دە، وە گـوێڕایـەڵـی خـواو پـێـغـە مـبـەرەکـەی صلـى اللـه علـیـه وسلـم بـلـە، وە ئـەوەی خـوای گـە ورە وپـێـغـەمـبـەرەکـەی صلـى اللـه علـیـه وسلـم لـێـتی قـە دەغـە کـردوە وازی لـێ بـێـنـە، بـۆ ئـە وەی ئـە و بـە هـەشـتـت دەسـت کـە وێـت کـە وا خـوای گـەورە ئـامـادەی کـردوە بـۆ بـەنـدە بـاوەڕدارەکـانـی، وەکـو خـوا گـەورە دەفـەرمـوێـت: ﴿لَهُمْ دَارُ السَّلَامِ عِنْدَ رَبِّهِمْ ۖ وَهُوَ وَلِيُّهُمْ بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ [الأنعام:١٢٧].

واتـا: بـۆ ئـەوانـەیە لای پـەروەردگـاریـان مـاڵـی ئـاشـتـی (بـەهـەشـت) تـەنـها ئـەویـش دۆسـتـیـانـە بـەهـۆی ئـەو کـردەوە چـاکـانـەوەی دەیـان کـرد.(تـەفـسـیـری پـوخـتـەی قـورئـان).

وە ئـەمـڕۆ وەڵامـی خـوای گـە ورە بـدەرەوە پـێـش ڕۆژی قـیـامـەت، وەکـو خـوای گـەورە دەفـەرمـوێـت: ﴿اسْتَجِيبُوا لِرَبِّكُمْ مِنْ قَبْلِ أَنْ يَأْتِيَ يَوْمٌ لَا مَرَدَّ لَهُ مِنَ اللَّهِ ۚ مَا لَكُمْ مِنْ مَلْجَإٍ يَوْمَئِذٍ وَمَا لَكُمْ مِنْ نَكِيرٍ﴾ [الشورى:٤٧].

واتا: گوێڕایەڵ بن بۆ پەروەردگارتان پێش ئەوەی ڕۆژێك بێت لە لایەن خواوە کە گەڕانەوەی بۆ نیە ئەو ڕۆژە هیچ پەناگایەکتان نابێت وە هیچ ئینکاری یەکتان پێ ناکرێ.(تەفسیری پوختەی قورئان).

وە ئێستا تۆ لە کاتێکدا یت فرسەتە بۆت کار بکەییت، بەڵام لە ڕۆژی قیامەتدا هیچ شتێك سوودتت پێ ناگە یەنێت، وەکو خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ وَقَالُوا آمَنَّا بِهِ وَأَنَّىٰ لَهُمُ التَّنَاوُشُ مِنْ مَكَانٍ بَعِيدٍ ﴾[سبإ:٥٢ ] .

واتا: لەوکاتەدا دە ڵێن باوەڕمان هێنا بەو (قورئانە) چۆن (باوەڕیان) دەست دە کەوێ لە شوێنێکی دوورەوە.(تەفسیری پوختەی قورئان).

وە وەڵامی بانگەکەی خوا بدەرەوە و یاخی مەبە لێی، هەر وەکو لە فەرموودەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم هاتوە کە دەفەرموێت:(( أَلاَ كُلُّكُمْ يَدْخُلُ الْجَنَّةَ، إِلاَّ مَنْ شَرَدَ عَلَى اللَّهِ شِرَادَ الْبَعِيرِ عَلَى أَهْلِهِ)) رواه أحمد

واتا: هەموتان دەچنە بەهەشتەوە، تەنها ئەوانە نەبێت کەوا یاخیبوونە لە خوای گەورە وەکو ئەو حوشترەی بەلەسەبووە لە خاوەنەکەی.

٢- پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم بانگت دەکات بۆ ئەوەی باوەڕ بهێنیت بە خوا و گوێڕایەڵی پێغەمبەرەکەی بیت، تا سەرفراز وسەرکەوتو بیت و بچیتە بەهەشتەوە، بۆیە ئاگادار ووریا بە پشت لەو بانگەوازە نەکەیت؛ چونکە دەبێتە مایەی ئەوەی نەچیتە بەهەشتەوە، پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێت: (( كُلُّ أُمَّتِي يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ إِلَّا مَنْ أَبَى قَالُوا يَا رَسُولَ اللَّهِ وَمَنْ يَأْبَى قَالَ مَنْ أَطَاعَنِي دَخَلَ الْجَنَّةَ وَمَنْ عَصَانِي فَقَدْ أَبَى )) رواه البخاري

واتا: هەموو ئومەتەکەم دەچنە بەهەشتەوە تەنها ئەوانە نەبێت کە نایانەوێت، وتیان کێیە ئەوەی نایەوێت بچێتە بەهەشتەوە؟ فەرمووی: ئەوەی گوێڕایەڵی من بکات ئەوە دەچێتە بەهەشتەوە، وە ئەوەی سەرپێچی من بکات ئەوە ئەو کەسەیە کەوا نایەوێت بچێتە بەهەشتەوە.

وە خەڵکی بانگ بکە بۆ لای دینی خوا و بە هەشتەکەی، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ قُلْ هَٰذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللَّهِ ۚ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ أَنَا وَمَنِ اتَّبَعَنِي ۖ وَسُبْحَانَ اللَّهِ وَمَا أَنَا مِنَ الْمُشْرِكِينَ ﴾[يوسف :١٠٨ ].

واتا: بڵێ ئەمە ڕێگای منە بانگی (خەڵکی) دەکەم بۆ لای خوا لەسەر بەڵگەی ڕوون من و ئەوانەش شوێنم کەوتوون و خواش پاك و بێگەردە وە من هیچ کات لە هاوبەش ڕەوادەران نیم.(تەفسیری پوختەی قورئان).

وه پێغەمبەری خوا دەفەرموێت: (( بَلِّغُوا عَنِّي وَلَوْ آيَةً )) **رواه البخاري**

واتا: تەنانەت ئایەتیکیش بێت بیگەیێنن بە خەڵکی.

٣- پرسیار بکە لە خۆت ئایە چیت پێشکە ش کردوە بۆ ئاینەکەت لە بواری بانگەواز کردندا؟